# ئەشکەوتی خۆرەتاو

سەلام مەنمی

(١)

ئەوساڵەی گوندی-ئاوردامان-مان ئاوەدانکردەوە، وابزانم درۆم نەکردبێ دەوروبەری چیاو ئەشکەوت و دارستان و گڕناڵە بەرد بوو.. چیای بێژەنگ کلاویش بە بەرزترین چیای ئەو دەڤەرە دادەنرا.. بەو ئەشکەوتەی دامێنیشیان دەوت(ئەشکەوتی خۆرەتاو) لەبەرئەوەی رووی لە خۆرەتاو و هێلانەی باڵندەی ئەو دەڤەرەو هەر باڵندەیەک بەئاوازێک دەیخوێند، تا دەهات لەزیاد بوونا بوون و ئەو ناوەیان بەئامان و زەمان چۆڵ نەدەکرد، واتدەزانی جێنەزەرگەی باو و باپیرانیانەو، خواستیان ئەوەبوو لەو چیاو ئەشکەوت و دارستانەدا سەربنێنەوەو شوێنێکی دیکەیان بەنسیب نەبێ.. راوچییەکانیش دانگەو کەوانەی ئەو ئەشکەوت و چیاو دارستانەیان بەرنەدەداو وایاندەزانی هەر لەو شوێنانە بەفر چۆتەوە، هەمیشە لە پارێزی کەڵەکێوی و کەروێشک و کەو و سوێسکەدا بوون و زرێ لە باخەڵبوون و زێیان لە زەمانە نەدەبڕی..

ئەوە باسی هەنگ و هەنگەژاڵەکانیان ناکرێ و قیبلەنمایان بوون و لە هەموو چیاو ئەشکەوت و دارستانەکانی دیکە شیرینتر دەبینران، وەک دەڵێن: (گۆشت هەرلایەقی بازە).

مێگەلەکانیش کە لە پەچەرادەبوون بێ سێو دوو بەرەو چیاو ئەشکەوتی(خۆرەتاو) هێرشیان دەبرد، واتدەزانی بۆسەر خوێڕێزە دەچن و سەریان بەلەوەڕەوە هەڵدەکەنرا، کە مردەبوون پاڵیان لێدەدایەوەو دەکەوتنە کاوێژو خەوبینین..

کچگەلیش بەیانییان گوریسی حەوتباڵی بەلایەکی شانیان دەدەن و بەگۆرانی و هۆرەوە بەرەو ئەوێ دەجمێن و لەسەرکانی(رۆشنا) ئاودەخۆنەوەو گوریس دەخەنە ناو تەلەنگی یەکترو

مەراقیان دەمرێنن و بەوپەڕی شادییەوە کۆڵەچیلکە دەهێننەوە..

رەوە ئەسپ و ماینەکانیش بەیاڵی شانەکراوو بەدەماخەوە بەرەو چیاو ئەشکەوتی(خۆرەتاو) دەکەوتنە وێرغەو چوارناڵە.. کە تێریان دەخوارد شان و ملی یەکتریان دەخووراند. گەلەگورگیش لە عۆدەیان نەدەهات و جووتەیان لە ئەستێرە دەداو بەپیری مەبەستیانەوە دەچوون ئیتر ئەوەبوو بەر دوو درەختەکانیش وەک گوڵەبەڕۆژە روویان لە ئەشکەوتی خۆرەتاو بوو.. دەپارانەوە.!

(٢)

ئەوەی جێی پرسیارو رامان و سەرسوڕمان بوو، ئەوەبوو نەیاندەزانی بۆچی مرۆڤ و زیندەوەرەکانی دیکە بەگشتی ئەوەندە پەرۆش و شەیدای دارستان و چیاو ئەشکەوتی خۆرەتاون..؟! کە لە پەت بەردەبن هەتا ئەوێ ناوەستنەوە، دەبێ ئەمانە چییان لە ئەشکەوت و دارستان و چیاکانی تر زیادتربێ؟ کێ دەڵێت ئەم کاسەیە بێژێرکاسە نییە، تۆ بڵێی ئەمانە بەخۆڕایی تفەنگ بەهەواوە بنێن؟! ئەگەر مەسەلە هەتاو بێ چەندەها چیاو ئەشکەوت و دارستانی روو لە هەتاو هەن..

پرسیارەکان کەڕولاڵن و هەتابێ باری لەشیان قورستر دەبێ، بێ وەڵامن و منەیترووسکاییەکن، تۆ بڵێی هەوا کرمەڕێزو لەش بەبارو هەنگاوەکانیان بەرەو دواوە بگەڕێتەوە..؟!

(٣)

پیاوێکی بەساڵاچووی نوورانی داڵگۆشت، سمێڵ چەپ و چیڕ بۆ گوندی (ئاوردامان) هات و بەکەسوکاری شادبۆوەو لەبارەی چیاو گوندەکەو ئەشکەوتی خۆرەتاوەوە وتی:

- کاتی خۆی لەم گوندەدا باوک و باپیری خۆم بەم چاوانە دیون، ئەم گوندە لە بنچینەدا ناوی گوندی {خۆرەتاو} بووە، بەناوی ئەم ئەشکەوتەوە ناونراوە، ساڵێک نەهامەتی و قاتوقڕی رووی تێکرد، داروبەردوو خەلەوخەرمانی بوونە قەرەبرووت و ئەم ناوەمان چۆڵکردو هەریەکە بەلایەکدا، دوای ئێمە ئەم ناوەیان بەسەرا سەپاند لەبەرئەوەی ئاگرەکەی سەرتاپاگیربوو.. ئەمەیش یەکەمجار نییە ئاگری تێبەربێ و چوڵبکرێ...

(٤)

چیاو ئەشکەوتی خۆرەتاو لە زۆرلاوە قەڵاو پشتوپەنای گوندی{ئاوردامان} بووە، بەهۆی ئەمانەوە دوژمن کەمتر زەفەری پێ بردوون و هەیدییان لێکراوە.. شۆڕشی ئاگریش لەم ئەشکەوتەوە بەرپا بووەو بەگوێی خەڵک ئاشنابووەو رەگوڕیشەی بتپەرستی لەبن دەرهێناوە، داری بەسەر بەردییەوە نەهێشتووەو وەک بەفری ساڵان لەبیر چۆتەوە.. شۆڕشی ئاگر دابونەریت و یاساو بنەمای خۆی هەبووە، مرۆڤ لەژێر سایەیدا حەساوەتەوەو دۆستی دێرینی خۆریش بووەو هێزی تاریکییان چاڵەمشتەکردووە.. ئەوەتا لەمبەرو ئەوبەری ئەشکەوتەکەوە چەندین وێنەی ئاگرو گوڵی خۆرو سەری ماین و ئەسپ و مرۆڤی داس و پاچ بەدەست و کیژۆڵەی کوڵ بەکۆڵ و باڵندەی هەمەجۆر کێشراون و گوێ قوڵاخ و چاوەڕێ و گوێبەزەنگە بۆئەوەی خەمخۆرەکانیان بەهۆی ئاگرو خۆرەوە فریایان کەون و باڵیان بگرن زیندوویان بکەنەوە...

ئەم چیاو ئەشکەوتە خۆشەویست و ئاڵوودەی ئاگرو خۆرن و دەستبەرداری یەکتر نابن، ئەوەتا کە بەیانیان خۆر هەڵدێ بۆ یەکەمجار لوتکەی ئەم چیاو ئەشکەوتە ماچ دەکات.. لە یەکەم رۆژی سەری ساڵیشدا چاوەڕێی گڕی نەورۆزن و تەوقی بتپەرستی دەشکێنن..